کەم کردەوەی ئەنجامدا بەڵام پاداشتی زۆری پێبەخشرا

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە زرێپۆشی ئاسنی لەبەردا بوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا بجەنگم یان مسوڵمان بم؟ ئەویش فەرمووی: «مسوڵمان بە، پاشان بجەنگە»، بۆیە مسوڵمان بوو وپاشان جەنگا هەتاوەکو کوژرا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کەم کردەوەی ئەنجامدا بەڵام پاداشتی زۆری پێبەخشرا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە جلی جەنگی -زرێپۆشی- ئاسنی لەبەردا بوو وخۆی پێ پۆشیبوو بەڵام هێشتا مسوڵمان بوونی خۆی ڕانەگەیاند بوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا جیهاد بکەم پاشان مسوڵمان بم یان مسوڵمان بم پاشان جیهاد بکەم، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (مسوڵمان بە، پاشان بجەنگە لە پێناو خوای گەورە)، بۆیە پیاوەکە مسوڵمان بوو وجیهادی کرد، وجەنگا هەتاوەکو کوژرا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (کەم کردەوەی ئەنجامدا بەڵام پاداشتی زۆری پێبەخشرا)؛ واتا بە بەراورد لەگەڵ ماوەی مسوڵمان بوونەکەی، چونکە ماوەی نێوان مسوڵمان بوونی ومردنی ماوەیەکی کەم بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پاداشتی زۆری پێبەخشرا چونکە لە پێناو خوای گەورە جەنگا وجیهادی کرد بۆ ئەوەی وشەی خودا بەرز ببێت وئیسلام سەربکەوێت وئەمیش لە مەزنترین کردەوەکان وزۆرترین پاداشتی لەسەر هەیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3570